# ڕامانێک لەچاوەڕوانی هەژاندا..

ئەمجەد شاکەلی

تەقینەوەکانی 2004/2/1ی هەولێر، کە کۆمەڵە کوردێکی سیاسەتکار و هی دیکەیان تێدا شەهیدبوون، ئەوە هیچ، کە جێی داخ و خەم و پەژارەیەکی زۆرن و کردەوەگەلێکی ناخۆش و دڵتەزینیشن، دەکرێت لە چەند لا و دیدەوە، تێیان بنۆڕدرێت و بخوێنرێنەوە:

حیزبە کوردییەکان و زۆرینەی خەڵک، دەسبەجێ بیریان بۆ ئەوە دەچێت، کە ئەو تەقینەوانە، ڕاستەخۆ پێوەندیان بە ئەلقاعیدە (القاعدة) و ئوسامە بین لادن (اسامة بن لادن) ەوە هەن. ڕەنگە وەها تەقینەوە و کردارێک، لە خەڵکانی سەر بەو تەوژمە توندڕۆ و سەرهشکانە بوەشێتەوە و ئەوان بن، کە لە پێناوی چوونەبەهەشت و کوشتنی بێئاییان و خەڵکانی سەر بە ئەمەریکادا، وەک خۆیان بانگاشەی بۆ دەکەن، ئامادە بن، وەها کارێک ئەنجام بدەن، لێ دووریش نییە و زۆریش ڕێی تێدەچێت، خەڵکانێکی دڵسووتاو و جەرگهەڵقرچاو و ماڵوێرانکراو و کەسوکار کوژراو، وەها کارێک ئەنجام بدەن. لە جڤاکی خۆرهەڵاتی خۆماندا، ئەوەی پێی دەڵێن قانوون، تێیدا نییە و ئەوەی پێی دەگوترێ مافی مرۆڤ تێیدا نییە و بە گوێرەی تیۆری: ددان بە ددان و چاو بە چاو"السن بالسن و العين بالعين"، خەڵک هەلسوکەوت و ڕەوتار دەکات و تۆ ئەگەر تۆڵەی خوێنێکی ڕژاوی خۆت نەکەیتەوە، هیچ کەسێک تۆڵەی تۆ ناکاتەوە، خەڵکانێکی لەو جۆرە، کە هەردەم چاوەڕوانی هەل دەکەن، بۆ وەی تۆڵەی خوێنی کەسەکانیان بە دەستی خۆیان بکەنەوە و هەمیشە لە سەنگەردان بۆ نەیارەکانیان، ڕەنگە هەر ئەو جۆرە کەسانە بن، خۆیان لێ زیادە بێت و ڕادەی تووڕەبوون و کەللەیبوون و هەڵچوونیان، گەیشتبێتە ئاستی ئەوەی بەرچاویان تاریک بێت و کوشتن و ئاوخواردنەوەیان لەکن وەک یەک بێت، ڕەنگە تەنێ ئەو بابەتە مرۆڤانە، کارێکی لەو جۆرەیان پێ ئەنجام بدرێت. من ناڵێم، ئەنساروئیسلام (انصار الاسلام) و ئەوانە پێوەندیان بەم تەقینەوانەوە هەن، بەڵام ئەو کارەی جەلال تاڵەبانی و حیزبەکەی بە ئەنساروئیسلامیان کرد و کە فرۆکەکانی ئەمەریکایان هێنانە سەریان و کە گۆشت و ئێسک و خوێنی ئەوان و گڕ و دووکەڵ و خاکی کوردستان تێکەڵبوون و تاڵەبانی و دەستەکەی لەو شینەدا، شاییان دەگێڕا و سەرچۆپییان دەگرت، دەبوو خەڵک چاوەنۆڕی ئەوەیش بێت، برا و کوڕ و باوک و دایک و خوشک و کچ و ژنی، ئەو کوژراوانەی ئەوان، بێ ئەوەی چ پێوەندێکیشیان بە ئەنساروئیسلام و هیچ ئەنسارولشتێکیدیکەیشەوە هەبێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان، بە گوێرەی ڕێسا و نەریتێکی باوی ئەو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەی لەمەڕ خۆمان، تۆڵەی خوێنی کەسەکانیان بکەنەوە. لە هیچ وڵاتێکی بریک پێشکەوتووی جیهاندا، دەسەڵات و کارگێڕیی دوای ڕووداو و کارەسات و لێقەومانێک، نایەن دەسبەجێ، کەسێک یا لایەنێک، سەدلەسەد تاوانبار بکەن و بە ملیاندا بشکێننەوە، بەڵکە وەک قانوون، باس لەوە دەکەن، کە چەند هێڵ و شوێنەوار و کەس و لایەن هەن، کە جێی گومانن و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بەدوواداچوون و لێهەڵپێچانەوە و وردکاری، ئەوجا دەگەنە ئەنجامێک و بەسەر یەکێک یا لایەنێکیدا ساغ دەکەنەوە. تۆ بنۆڕە کوشتنی "ئولۆف پالمێ" و "ئاننا لیند"ی سوێد، کە چەندین بگرە و بەردە و لێکۆڵینەوە، ئەوجایش بۆیان ڕوونەبووەتەوە و دەسبەجێ هیچیان نەگوتووە. ئەو کاری لێکۆڵینەوە و بەدووداچوونی تاوان و تاوانبارانە، وردکاری و وردبینی و پشوویەکی درێژ و لێزانینی دەوێت. ئەمەی دوێنێ ڕوویدا، یەکەم ڕووداو نەبوو، کە ڕووی داوە، بەڵکە دوای کوشتنی فرەنسۆ هەریری و تەقاندنەوەی چەندین ئۆتۆمبیل و کاری دیکەی لەو جۆرانە، کە ڕوویانداوە، ڕووی داوە، سەرانی کورد و دەسەڵاتدارانی کوردستان و کارگێڕیی کوردستان،

دەبوو برێک زیاتر شارەزاییان لەو کارانەدا پەیدا کردبا و لێزانانە کاریان کردبا. باشووری کوردستان، لە ساڵی 1994 ەوە، دوو حوکوومەتی سەر بە دوو حیزب، فەرمانڕەوایی دەکەن. ئەو دوو حیزب و دوو حوکوومەتە، هەموو هەوڵ و کۆششێکیان بۆ دوورخستنەوەی، هەردوو دەڤەرەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بووە، لە هەموو ڕوویەکەوە، لە یەکدی. ئەوان ژنانیان کردووەتە، ئافرەتان و ژنان، و خوێندکارانیان کردووەتە، خوێندکاران و قوتابیان، و لاوان و مامۆستایان و ڕۆژنامەوانان و هەموو ڕێکخراو و کارگێڕییەک، دوو ناوی جیاواز و دوو بیرکردنەوەی جیاواز و دوو سیستمی جیاوازیان هەن. دەسگای پۆلیسی نهێنی، ئاسایش، لە هەردوو کارگێڕییەکەی کوردستانیشدا، جیاوازن و دوو ناوی جیاوازیشیان هەن. هێندەی دەسگای زانیاری سەر بە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پێوەندی بە ئیتتیلاعاتی ئێران و میتی تورکیا و موخابەراتی سووریا و جارانیش موخابەراتی عیراقەوە هەبووە و هەیە، هێندەی، لە کات و سەردەمی ئاشتی و پێکهاتنیشیاندا، پێوەندی بە دەسگای ئاسایشی پارتیی دیموکراتیی کوردستانەوە نییە. هێندەی دەسگای ئاسایشی سەر بە پارتیی دیموکراتیی کوردستان، پێوەندی بە ئیتتیلاعاتی ئێران و میتی تورکیا و موخابەراتی سووریاوە هەیە، هێندەی، لە کات و سەردەمی ئاشتی و پێکهاتنیشیاندا، پێوەندی بە دەسگای زانیاریی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە نییە. بێجگە لەوانەش ئەو دوو دەسگایە (زانیاری و ئاسایش) ، هێندەی چاودێری یەکدی دەکەن و کوڵ لە یەکدی دەگرن و هەوڵ دەدەن نهێنییەکانی یەکدی بزانن، هێندە بەرانبەر ئیتتیلاعاتی ئێران و میتی تورکیا و موخابەراتی سووریا و عیراق و شوێنەکانی دیکە، ورد و چاوکراوە و گوێسووک نەبوونە و نین. ئەوان هەردوو لایان، پتر لە یەکدی دەترسن، نەک لە دەسگا سیخوڕییە دەرەکییەکان. بوونی دوو جۆرە دەسگای ئاسایش لە دوو شاری سەر بە یەک وڵاتدا و دوورییان لە یەکدییەوە و ناهاوئاهەنگییان، درزێکی ئەوتۆ زل دەخاتە نێو ئاسایشی وڵاتەوە، کە فیل و وشتریش بە بارەوە بە کونی دەرزیدا تێدەپەڕێندرێت و تێیدا بزر دەبێت و ڕوودانی هەموو شتێکیش، زۆر ئاساییە و چاوەڕوانکراو. نایەکگرتوویی و نایەکیەتیی سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، هۆیەکی هەرە مەزنی لەبەرچاو و ئاشکرایە، بۆ لاوازیی کۆنترۆڵ و دەسەڵاتیان، بە سەر نەیارانی بزاڤی کورددا، بە پێچەوانەی کۆنترۆڵ و دەسەڵاتیانەوە، بە سەر خەڵکی کورددا. هەر کارێکی تێکدان و کوشتن و خراپکاری و تەقینەوە، لە کوردستاندا دەکرێت، باجی بەعیراقیبوونەوەی کوردە. باجی کردنەوەی هەموو دەرگاکانی کوردستانە، بە ڕووی هەموو شۆڤێنیستە عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوورییان و کەونەبەعسی و کەونەجاش و خراپەکارانی عیراق و وڵاتانی دەوروبەریدا. باجی واڵاکردنەوەی دەرگەکانە بە ڕووی میت و موخابەرات و ئیتتیلاعات و خودا دەزانێت چی دیکەدا. بەشێکی باشووری کوردستان و مێشکی زۆرینەی مرۆڤی کورد، لە نێوی عیراق و عیراقایەتی و بەغدای پێتەخت و برایەتیی کورد عەرەب و یەکیەتیی خاکی عیراق و. . . ڕزگاری بووبوو و هەرگیزیش بیری لەوە نەدەکردەوە، جارێکی دیکە لەگەڵ ئەو نێو و بابەتانەدا سەروسەودای هەبێت، لێ سەرانی کورد لە عیراقییاندنی باشووری کوردستان و سەرلەنوێ عیراقییاندنی مێشکی مرۆڤی کورد، ڕۆڵێکی یەکجار لەبەرچاو و چالاکانەیان دیت و دەبینن. تێکەڵاوبونەوە لەگەڵ عیراق، کە هێندەی نووکە دەرزییەک سوودی بۆ کورد نەبووە و نابێت، هەموو ڕۆژێکی خەرمانی کەڵەکەکراوی زیانەکانیشی بەرزتر دەکاتەوە و کورد زیانمەندتر دەبێت لێی. بڕوایەکی ڕەها و بێسنووری سەرانی کوردیش، بە ئەمەریکا و حیسابکردنی وەک دۆست و بیناکردنی هەموو هیوا و ئاواتێک لە سەر دۆستایەتیی ئەوان، ئەوە هیچ، کە کارێکی ناڕاستە و ئەمەریکا ئەوە نییە، کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە، بەڵکە لە گەلێک جاریشدا، ئەمەریکا بۆ خۆی سازکەری کێشەکانە و لە فەرهەنگیی سیاسەتی ئەواندا، چ جیاوازییەک لە نێوان کورد و عەرەب و تورک و فارس و سابیئە و ئێزدی و شیعە و سوننە و. . . دا نییە و هەمووان بۆ ئەو چوونیەکن و کێ قازانج بە بەرژەوەندەکانی ئەمەریکا بگەیەنێت، ئەوە لە پێشە و کێیش دژایەتیی بەرژەوەندەکانی ئەمەریکا بکات، ئەوە نەیارە. ئەمەریکا هەموودەم و زۆر بە ئاسانییش دەتوانێت، دۆست و نەیاری خۆی بگۆڕێت. ئەوەی دوێنی دۆستی ئەمەریکا بوو، ڕەنگە ئەوڕۆ دوژمنی بێت و ئەوەی ئەمەریکا ئێستا بە دۆستی

خۆی دەزانێت، لە هەمان کات و ساتدا، نەیارێکی نەبینراو و شاراوەی لە بنەوە بۆ قوت دەکاتەوە و کە پێویستیشی کرد ئاشکرای دەکات. بۆ هەر دۆستێکی، نەک نەیارێک، بەڵکە نەیارگەلێکی هەن. لەم هاوکێشەیەدا، هەرچەندە سەرانی کورد بۆ خۆیان پێیانوایە، کە لە ئەمەریکاییەکانەوە زۆر نێزیکن، لێ هەرگیز وا نییە و ئەمەریکا دەتوانێت و هەرکاتێکیش بیەوێت، پشت دەکاتە کورد و هیچیشی بۆ ناکات. تەواوی ئەوانەی ناکوردن، لە دەوروبەری کوردستان، ئیدی سەر بە چ ڕەگەز و دەوڵەت و زمان و فەرهەنگێکن، هیچ یەکێکیان دۆستی کورد نین و تەواویشیان نەیاری کوردن و هەوڵ دەدەن بۆ سڕینەوە و لەنێوبردنی، هەموو شتێکی کوردی و کوردستانی. ئەو تەقینەوانە، پەیامێکن بۆ تەواوی کورد، بۆ ملەکەچبوون و خۆبەدەستەوەدان و وازهێنان لە هەموو خواستێکی ڕەوای گەلی کورد وجەژنانەی نەیارانی کورد بوون، بۆ زارۆک و ژن و دایک و خوشک و برا و باوکی ئەو شەهیدانەی تێدا چوون. وەک وەرامێکی هەنووکەیی و دەسبەجێ و ڕاست، دەبوو سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، بێ هیچ ڕامان و ڕاوەستان و بیرکردنەوەیەک:

هاتبانە سەر تەلەڤزیۆن و پەیڤێکیان بۆ گەلی کورد دابا و ڕەوشەکەیان ڕوون کردبایەوە و پێوەندیان بە تەواوی حیزب و دەستەکانی کوردستانەوە کردبا و جاڕی ڕەوش و حاڵەتی نائاسایی و کتوپڕ (حالة الطوارئ) یان دابا سەرکردەکانی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا، جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی، جاڕی یەکخستنەوەی هەردوو کارگێڕییەکانیان دابا و سنوورەکانی هەموو کوردستانیان، بە دەڤەرە ئازادکراوەکانیشیەوە، بە تەواوی ئەو شوێنانەی، کە دەستیان پێ ڕا دەگات، داخستبا و ڕێگەیان بە هیچ کەسانێک، کە دانیشتووی کوردستان نین، نەدابا بێنە نێو کوردستانەوە. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، چیدی هێندە دڵخۆش و گەشبین نەبێت، بە برایەتی کورد و عەرەب و یەکیەتیی خاکی عیراق و بلا بەرەبەرە خۆی لەو داو و بازنەیە، وەدەرخات و خواستەکانی گەلی کورد، ڕێکورەوان لە پێش هەموو ئەوانەی، کە سەردەداوێکیان لە کارەکاندا هەیە، دانێت.

یەک شتیش، کە بەلای منەوە جێی سەرنج و داخیشە لە هەمان کاتدا ئەوەیە، کە کاتێک منداڵێک یا پێشمەرگەیەک یا هەر مرۆڤێکی فلستینی شەهید دەبێت، دەسبەجێ و بێ هیچ بیرکردنەوە و ڕامانێک، خەڵکی خۆڕاگر و شۆڕشگێڕی فلستینی، وەک بزیسکە، وەک هاژەی با، وەک لافاو و شەپۆلی ئاو، دەکەونە نێو شەقام و جادە و بە هاتوهاوار و قیژە، تووڕەیی خۆیان دەدەرێنن و تەرمی شەهیدەکانیان، هەڵدەگرن و هەموو کووچە و کۆڵانی بازێڕەکانی پێ دەکەن و دەگەڕێن و دژی ئیسرائیل دەنگ بڵند دەکەنەوە و بە بەرچاوی سەرباز و چەکداری ئیسرائیلی و بە تەنیشت تانکەکانیاندا دەڕۆن و هاوار دەکەن، کەچی خەڵکی ئێمە لە کوردستان، دەڵێی خۆڵی گورستانیان بەسەردا کراوە، نە دەنگێ، نە تووڕەبوونێ، نەهاوارێ، نە هیچ شتێک، هەر دەڵێی ئەوانەی شەهید بوون، هەموو تەمەنیان لە سەرووی هەشتا و نەوەد ساڵییەوە بووە و لە سەر جێگە و بە مەرگی خودا مردوون!

2004/2/2